# پەلە هەورێک بەسەر چیای قەوقازەوە

فوزي عبد المجيد

نووسەری گەورەی سوڤیێتی /ئەناتولی برستافکین/ دەڵێ: «کاتێك ڕۆمانە بەناوبانگەکەی /ئیڤان دینسیسوفتش/ بڵاوکرایەوە، دوو ڕێگامان لەبەردەم مایەوە: یا ئەوەتا لە نێو واقیعەتی سۆشیالیزم دا بمێنینەوەو پەلەقاژێ بکەین، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە ئەدەبی سوڤیێتی کۆتایی پێدێ، یاخود دەبێ ڕێبازی /سۆلیجینستین/ بگرین.. وەکو گەلێ نووسەر، ڕچەی دەوومم گرت. ئەمەش پێویستی بەو (باجە) بوو کە دەبێ مل کەچی سانسۆر بین، ئەم باجەشمان دا.».

ڕۆمانی [پەلە هەورێك بەسەر قەوقازەوە]ی نووسەری بەناوبانگ /اناتولی برستافکین/ بەم پێیە بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕەبەق قەدەغە کرا. نووسەر ساڵی ١٩٨١ نووسیویەتی، بۆ ماوەیەکی زۆر بە نهێنی ئەم دەست و ئەودەستی دێکراو بە نهێنی دەخوێنرایەوە، تا گۆڤارێکی بچووك بەزنجیرە لە ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوی کردەوە.

هەر کە ئەم ڕۆمانە بڵاویووەوە بووە هۆی دەمەتەقێیەکی فراوان، پەلەیەکی تری تاوانبارکردنی سەردەمی ستالینەو چووە پاڵ گەلێ ڕۆمانی چاکیتر کە ئەوانیش ئەو سەردەمە شوومە تاوانبار دەکەن. وەکو ڕۆمانە کەی ئەناتولی ریباکوف کە بە ناوی (منالانی ئەریات) [illegible] ئەم ڕۆمانە ڕوداوێکی ساڵانی ١٩٤٤ مان بۆ دەخاتە ڕوو... لە ساڵی ١٩٤٤دا هەزاران منداڵ لە مۆسکۆوە بۆ قەوقاز گویزرانەوە، دەبوایە لە گەڵ ئەو منداڵانەشدا دەیان خانەی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منالی هەتیو لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بۆ قەوقاز بگوێزرێنەوەو لەو چۆڵاییانەدا بژین چونکی دانشتوانەکانی

ئەوی‌یان گوازتبووەوە بۆ جێگایانی دیکە بە تایبەتی (تشیتیانەکان) کە بەوە تاوان بار کرابوون لەگەڵ نازی‌یەکان دا دەستیان تێکەڵ کردووە، بەڵام قوقاز ئەوکاتە بەجارێ چوڵ نەبوو بوو، هەندێ لە دانیشتوانی ناوچەکە روویان لە شاخ کردبوو، ناو بەناو هێرشیان دەبردە سەر ئەوانەی تازە هاتبوونە ناوچەکانیانەوەو دێهات و زەوی‌و ماڵ و خانوباتیان لێ داگیر کردبوون. لەو (٥٠٠) منالانەی کە لە مۆسکۆوە بۆ قوقازیان هێنابوون ئەناتولی بریستافکین یان لە گەڵ دابوو کە ئەو دەمە تەمەنی ١٢ ـ ١٣ ساڵان بوو. کە قوقازەکان هێرش دەبەنە ئەو ناوە تەنها ئەناتولی رزگاری دەبێ.. ئەم روداوە بریستافکین لە رۆمانەکەی‌دا دەیگێرێتەوە. هەرچەندە لەژی‌نامەو یادداشتەوە نزیکە بەلام گرنگی لەوە دایە کە بەسەرهاتی خۆیەتی، ئەوەی روداوی راستەقینە نەبێ، ئەو دوو منالەیە کە بەناوی ساشکا و کولکا یە کە دوو منداڵی برسی‌و یاخین کە غافروش ی رۆمانی کۆیرەوری‌یەکانی ڤیکتۆر هیگو بەلایانەوە لە جەنتەت دا دەژی.

هەرچەنێ لە رۆمانەکەدا یەکێ لە دوو منداڵەکە دەمرێت، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو دۆزەخەدا بەشێك لە خودی دەمرێت و وای نەکردووە جەوێکی تراجیدی زاڵ بێ بەسەر رۆمانەکەدا نووسەر جیهانی ئەو سەردەمە بۆ وەچەی ئەمرۆ دەردەخات کە رووداوەکە لە ناوچەکەیان دا بەرپابووە. دەرهێنەرێکی سینەمایی کە خەڵکی ناوچەکەیە [تشیتشان] مافی ئەوەی وەرگرت کە بیکات بە فیلم.

نووسەر بە تیکرایی باسی کوشتارو سووتاندن و سەربرین دەکات.

ئەناتولی دەڵێ: بەرپا کردنی خەباتی سیاسی گەلی گرنگەو توانیمان لەناو یەکێتی نووسەران دا دەستەی پالپشت کردنی [بیروسترویکا] دامەزرێنین و من و چەند نووسەرێکی دیکە لەم رۆژانەدا دەستمان لە نووسین هەڵگرتووە تا بتوانین کورو دانیشتن ببەستین و دەربارەی ئەم بارە تازەیە بدوێین چونکی ئەمە ئێستا لەنووسین گرنگترو بەسوودترە. ئەمەش مانای وانی‌یە کە ناکۆکی لە نێوان نووسەران دا هەیە، بەڵکو مەسەلە ناکۆکی نێوان کۆمەڵە..»

رۆمانی /پەڵەهەورێك بەسەر چیای قوقاز/دا ساڵی ١٩٨٩ چاپ کراو چاپی یەکەم ١ ملیون و ٢٥٠ هەزاری لێ چاپ کرا. ئێستاش هەوڵی ئەوە دەدەن ئەم رۆمانە بکرێت بە فەرنسی‌و ئینگلیزی‌و ئەلمانی‌و ئەسپانی لە سەرەتای مانگی تەمموزدا بەزمانی ئینگلیزی دەکەوێتە بازارەوە. هەندێ لە رەخنەگرانی سۆڤێت وایان داناوە ئەم رۆمانە پاداشتی گەورە وەربگرێت.

## ٨ ی ئاب
## روبەرێکی سەوزە لە سەرخاکی نیشتمان دا